عێراق دەرگای دامەزراندن لە هێزی دەریایی دەکاتەوە

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایگەیاند، دەرچوانی ئامادەیی بەشی زانستی لەگەڵ دەرچوانی ناوەندی لە کۆلێژی دەریایی و سەنتەری راهێنانی پیشەیی دەریایی سەر بە فەرماندەیی هێزی دەریایی عێراق دادەمەزرێندرێن لە رێگەی پێشکەش کردنی داواکارییەوە. وتیشی،" پێشکەش کردنی داواکارییەکە لە رێژی ١٦ـی ئەم مانگەوە دەست پێ دەکات".

ئەمە شەممە، یەحیا رەسوە وتەبێژی فارماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایگەیاند، فەرماندەی هێزی دەریایی سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراق بانگهێشتی دەرچوانی ئامادەیی بەشی زانستی و دەرچوانی ناوەندی دەکات بە پێشکەش کردنی داواکاری لە کۆلێژی دەریایی و سەنتەری راهێنانی پیشەیی دەریایی.

ئاماژەی بەوەش کرد، دەرچوانی ئامادەیی بەشی زانستی دەتوانن داواکاری لە کۆلێژی دەریایی پێشکەش بکەن و دەرچوانی ناوەندیش لە سەنتەری راهێنانی پیشەیی دەریایی.
ئەوەشی خستە روو، لە رێژی ١٦ـی ئەم مانگەوە فەمی پێشکەش کردنی داواکاری کارا دەکرێت تاوەکو ١٩ـی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.